# تیپی وەرشی راپەرین پاڵەوانی خولی شەهید محەمەد نەگرەیی

رۆژی هەینی بەرواری ٢/١٠/ ٢٠٠٥ وبە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەبەرپرسانی حیزبی وحکومی ناوچەکە یاری کۆتایی خولی‌تۆپی پێی شەهید محەمەد نەگرەیی لەنێوان هەردوو تیپی راپەرین وشالاو ئەنجام دراو لەیاری‌یەکی بەهێزدا تیپی وەرزشی راپەرین بەتاکە گۆڵی یاریزان ( هونەر حەسەن ) توانی یاری‌یەکە بباتەوەو ببێتە پاڵەوانی خولەکە .پاشان لەرێورەسمێکی شایستەدا خەلات بەسەر تیپی‌یەکەم ودووەم وناوبژیوانان ویاریزانانی هەردوو تیپ لەگەڵ خەلاتەکانی باشترین راهێنەرو باشترین گۆڵچی وتیپی نمونەیی وگۆڵکەری خول دابەش کرا.



## کۆمەڵەکان بەم شێوەیە بوو :

سەرجەم تیپەکان دابەش کران بەچوار کۆمەڵەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

ك١: حەمەی کەریم .تەلەبە .کەلارکۆن.نارێن

ك٢: شالاو.ئاسۆ. برایەتی.خانەقین

ك٣: راپەرین . ئاشتی .هاوکاری

ك٤: سیروان. زیرەك .ئازادی

پانۆرامای خولەکە .

خولەکە رۆژی دووشەممەبەرواری ٢٠٠٥/١٠/١٠ بەیاری نێوان هەردوو تیپی( ئاسۆ وشالاو )ئەنجامدراو تیپی شالاو بەئەنجامی( ٢-١) یاری‌یەکەی بردەوە و ئەنجامەکانی‌تریش بەم شێوەیە بوو .

تەلەبە × حەمەی‌کەریم ٠-٠
ئاشتی ×هاوکاری ٢-٥
زیرەك × ئازادی ٢-٠
کەلارکۆن × نارێن ١-١
برایەتی × خانەقین ٣-٠
ئاشتی × راپەرین ٢-١
سیروان ×زیرەك ٢-٠
نارێن × حەمەی‌کەریم ٢-٢
خانەقین × شالاو ٢-٠
هاوکاری × را پەرین ٣-٠
تەلەبە × کەلارکۆن ٢-٢
ئازادی × سیروان ٣-٠
کەلارکۆن × حەمەی کەریم ٢-٢

ئاسۆ × برایەتی ٢-٠
برایەتی × شالاو ٣-٠
نارێن × تەلەبە ٣-١
خانەقین × ئاسۆ ٠-٠
ئاسۆ × شالاو ٢-١

هاوکاری × را پەرین ٣-٠
تەلەبە × کەلار کۆن ٢-٢
ئازادی سیروان ٣-٠
کەلارکۆن × حەمەی کەریم ٢-٢
ئاسۆ × برایەتی ٢-٠


هیوا حسێن کاپتنی تیپ لەکاتی وەرگیتنی خەلاتی یەکەمدا

تەلەبە × حەمەی‌کەریم ٠-٠
ئاشتی ×هاوکاری ٢-٥
زیرەك × ئازادی ٢-٠
کەلارکۆن × نارێن ١-١
برایەتی × خانەقین ٣-٠
ئاشتی × راپەرین ٢-١
سیروان ×زیرەك ٢-٠
نارێن × حەمەی‌کەریم ٢-٢
خانەقین × شالاو ٢-٠

برایەتی × شالاو ٣-٠
نارێن × تەلەبە ٣-١
خانەقین × ئاسۆ ٠-٠

پاش ئەنجام دانی یاری‌یەکانی قۆناغی یەکەم هەشت تیپ سەرکەوتن بۆ قۆناغی دووەم و ئەوانیش تیپەکانی ( راپەرین ، ئازادی، برایەتی (کفری)، سیروان ، شالاو ، حەمەی کەریم . نارێن ، ئاشتی ) بوو گرنگترین ئەنجامەکانیش بەم شێوەیە بوو .

ئاشتی × حەمەی کەریم ٢-١
شالاو × سیروان ٣-٠
ئازادی × برایەتی ٥-٢
راپەرین × نارێن ٣-٠

چوار تیپ سەرکەوتن بۆ یاری پێش کۆتایی

پاش ئەنجام دانی یاری‌یەکانی قۆناغی هەشت تیپ سەرکەوتن بۆ قۆناغی پێش کۆتایی ولەیاری پێش کۆتایی دا ئەنجامەکان بەم شێوەیە بوون .

راپەرین × ئاشتی ٣-٢
شالاو × ئازادی ٢-٢ بەلێدانی پەنالتی ٤-٣ بۆ شالاو

## را پەرین وشالاو بۆ یاری کۆتایی :

پاش ئەنجام دانی یاری‌یەکانی قۆناغی یەکەم ودووەم وپێش کۆتایی سەرەنجام هەردوو تیپی راپەرین وشالاو گەیشتنە یاری کۆتایی‌و رۆژی هەینی بەرواری ٢٠٠٥/١٢/٢ یاری کۆتایی ئەنجام دراو تیپی راپەرین توانی ببێتە پاڵەوانی خوولەکە .

سەبارەت بە خوولەکە ( **کامەران جاسم** ) سەرۆکی تیپی شالاو ووتی : زۆر سوپاسی هەموو ئەو بەرێزانە دەکەم کە هەستان بە کردنەوزەی ئەم خولەو ووتیشی خولە کە زۆر



بەباشی بەرێوە چوو وەیاری کۆتایش کەلەنێوان هەردوو تیپی ( راپەرین وشالاو ) ئەنجام درا لەئاستێکی زۆر باشدا بوو دووبارە سوپاسی هەموو لایەك دەکەم وهیوادارم خولی باشتر و بەهێزتری لەم شێوە خوولانە بکرێتەوە .

---

**محەمەد حەمید شا مراد :**

# پێویستە لەگەرمیاندا زیاتر گرنگی بەوەرزش بدرێت .

شاری کەلار وسەرجەم ناوچەکانی گەرمیان چەندین یاریزانی بەتواناو لاوی تێدا هەڵکەوتووە بەلاَم بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی ڕاگەیاندنەوە نەتوانراوە ئەو مافەبدرێت بە سەرجەم وەرزشکاران و کارو چالاکی یەکانیان بگەیەنێتە جێگای مەبەست .ڕۆژنامەی وەرزشکاران کە ڕۆژنامەی سەرجەم وەرزشکارانە پێی باش بوو بە شێوەیەکی شارستانی ومۆدێرن چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو وەرزشکارە خۆشەویستەدا بکات وبەدونیای وەرزشی یان بناسێنێت .

یەکێك لەووەرزشکارانە (محەمەد حەمید) گۆڵچی تیپی وەرزشی (زیرەك )ە لەکەلار. محەمەد گۆڵچی‌یەکی لاوو بەتواناو چاونەترسە وزۆر بەووریایی‌یەوە بەرەنگاری لە گۆڵەکەی دەکات ولە زۆربەی یاری‌یەکاندا پشتیوانێکی باشی تیپەکەیەتی .محەمەد لەدایك بووی ساڵی ١٩٨٤ کەلارەو



لەساڵی ١٩٩٦لە وولاتی ئاوارەیی لەئێرا ن دەستی بەیاری تۆپی پێ کردووە ودواتر ولەساڵی ١٩٩٨ گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لەتیپی وەرزشی تەلەبەی کەلار جێگیر بووەو دواتر چووەتە تیپی هاوکاری و ئێستا لەتیپی وەرزشی زیرەك ە. سەبارەت بەئاستی وەرزش لە گەرمیان دا پێ ی وابوو ئاستی وەرزش لەسنورەکەدا زۆر باشە بەلاَم پێ ی وابوو ئەو کەسانەی سەرپەرشتی وەرزش دەکەن لەئاستی بەرپرسیارێتی دا نین و دەبێت کەسانی پسپۆر دابنرێت بۆ ئەو بوارە.سەبارەت بەئاستی تیپە میللی یەکان وداواکاری‌یەکانیان ووتی ئاستی تیپەکان باشە بەلاَم پێویستیا ن بەیاریگای تەندروست وچیمەن هەیە لەگەڵ کردنەوەی خولی‌تیپەمیللی‌یەکان و ناوبژیوانی بەتوانا هەیە کەزۆر جار کێشەمان بۆ دەنێتەوە.محەمەد جگە لەیاری تۆپی پێ حەزی لەیاری جومناستیکە وپی ی وایە لەکوردستان گرنگی پێ نادرێت ولەکەلاریش هەرباسی نی یە .ولەپرسیاری ئەوەشدا ئایا هاندەری چ هەڵبژاردەو گۆڵچی یەکی جیهانە ووتی

## ئەو کەسانەی سەرپەرشتی وەرزش دەکەن لەئاستی بەرپرسیارێتی دا نین و دەبێت کەسانی پسپۆر دابنرێت بۆ ئەو بوارە

هاندەری هەڵبژاردەی ئەرجەنتین وگۆڵچی یانەی ریاڵ مەدرید (کاسیاس) م.لەدووا ووتەیدا سەرەڕای داواکاری دەربارەی گرنگی دان بەوەرزش وەکو پێویست سوپاس وپێزانینی خۆی بەرامبەر دەرچوونی رۆژنامەی گەرمیانی وەرزشی دەربڕی .

ئەسعەد ئەحمەد

---

# یاساکانی تۆپی پێ ی جیهانی

**ئا : دادوەری پلە یەکی عێراق تەلعەت سەعدوولا**

**بەندی پێنجەم : داوەر ( ناوبژیوان ) ( حکم )**

- دەسەلاَتەکانی داوەر : هەموو یاری‌یەك لەلایەن داوەرەوە بەرێوە دەچێت . ئەویش هەموو دەسەلاَتێکی هەیە بۆ چەسپاندنی بەندەکانی یاسای تۆپی پێ بۆ ئەو یاری‌یە کەبۆی دیاری کراوە .
- دەسەلاَت وئەرکەکانی داوەر کەبۆی دیاری کراوە ( السلطة والواجبات )
- داوەر هەڵدەسێت بە :
- چەسپاندنی بەندەکانی یاسای تۆپی پێ
- یاری‌یەکە بەڕێوە دەبات لەگەڵ دووداوەری یاریدەرەرو داوەری چوارەم .
- داوەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە تۆپەکە یاسایی‌یە وەکو لەبەندی (دوو ) دا هاتووە
- جەخت لەسەر ئەوەدەکات کەکەل وپەلی یاریزانان یاسایی بێت .
- رۆڵی کات گر دەبینێت هەموو رووداوەکانی یاری‌یە تۆمار دەکات .
- یاری دەوەستێنێت یان کۆتایی پێ دێنێت بەبۆچوونی خۆی لەئەنجامی سەرپێچی کردن لەبەندەکانی یاسادا .
- یاری دەوەستێنێت یان رای دەگرێت یان کۆتایی پێدێنێت بەهۆی کارە دەرەکی‌یەکان بەهەر هۆیەك بێت .
- یاری‌یەکە رادەوەستێنێت لەکاتێکدا یاریزانێك بەسەختی دەپێکرێ و جەخت لەسەرئەوە دەکات کەئەی‌و یاریزانە بگوازرێتەوە بۆدەرەوەی یاریگا .
- ئەگەرهەستی‌کرد یاریزانێك تووشی ئازاری سووك بووە . بواری یاری کردن دەدات هەتا یاری‌یەکە دەوەستێت .
- هەر یاریزانێك تووشی خوێن بەربوون بێت . دەبێت جەختی لەسە ربکات بۆچوونەدەرەوەی یاریگا پاش چاك بوونی دەتوانێ بگەرێتەوە ناو یاریگا بەبڕیاری داوەر .
- بواری یاریکردن دەدات ببینێ تیپێك سەرپێچی بەرامبەر کرا . بەلاَم سوود لەو هەڵەیە وەردەگرێت .کەواتە بەکارهێنانی ( یاسای سوود بەخش ) واتە ( قانون الفائدە ) هەڵدەسێت بە سزادانی ئەو یاریزانە دوای وەستانی یارییەکە کەیاسای سوود بەخش سەری نەگرت .
- کاتێك یاریزانێك لەهەمان کاتدا چەند سەرپێچی‌یەك دەکات .سزای توندترین سەرپێچی کردن وەردەگرێت .
- دەسەلاَتی ئەوەی هەیە کەسزای یاریزان بدات کەشایستەی دەرکردن و ئاگادارکرنەوەیە ومەرجیش نی‌یە یەکسەر ئەو بڕیارە بدات بەلاَم دەتوانێ پاش وەستانی یاری ئەو بڕیارە بدات
- بڕیاری سزادانی کارگێری تیپ دەدات .کاتێ ناتوانن زاڵ بن بەسەر هەڵسو کەوتی خۆیانداو هەست بەبەر پرسیاری ناکەن هەروەها داوەر دەتوانێ هەر لەیاریگا دەریان کات بەدەرەوە.
- گوێ لەئامۆژگاری یاریدەرەکانی دەگرێت .لەی‌و رووداوانەی کەخۆی نەیبینیون .
- جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەکەسی رێگە پێنەدراو نەیەتەنێو یاریگاوە بەبێ پرس .
- پاش وەستانی یاری دەست پێ دەکاتەوە .
- پێشکەش کردنی راپۆرت بۆلایەنی بەرپرس دەربارەی رووداوی یارییەکە لەئاگادارکردنەوەو دەرکردنی یاریکەران .هەروەها هەر رووداوێکی تر پاش وپێشی یاری‌یەکە رووی داوە .
- داوەر بۆی هەیە دوای تەواوبوونی یاری ئەگەر یاریزان هەڵەی ناشیرینی کرد یان رەوشتێکی نابەجێی ئەنجامدا لەناو یاریگا یان لە شوێنی خۆگۆرین بۆی هەیە بەکارتی سوور ئاگاداری بکاتەوە .

## بڕیارەکانی داوەر

بریارەکانی داوەر دەربارەی راستی‌یەکان رووداوەکانی ئەو یاری‌یە کۆتایی‌یە .داوەر دەتوانێ بڕیارەکەی بگۆڕێ کاتی هەستی کرد هەڵەیە . هەروەها دەتوانێ بڕیارەکە بگۆڕێ لەسەر ئامۆژگاری داوەری یاریدەدەر پاش ئەوەی دڵنیا دەبێت بەلاَم پێش دەست پێکردنەوەی یاری .